# شۆفێری...سڕینەوەی شوناسەکان



**کارۆخ فەهمی**

> **لە هەر شوێنێکدا ئۆتۆمبێل هەبوو، مەرگێکی ون هەیە، شۆفێری جەنگە، لەگەڵ ئەوکەسانەی دوژمنی تۆنین! قوربانیانی روداوەکانی ئۆتۆمبێل هیچیان لە جەنگە گەورەکان کەمتر نیە**

زۆر کەس وەك شتێکی گران بەها لێی ئەڕوانێت، هەندێکی تر هەیانبێ یا نەیانبێ لایان وەك یەکە، هەیە دڵگرانە کە نیەتی، ئەمەش لەکولتورێکەوە بۆ کولتورێکی تر جیاوازە، لەدونیای ئێمەدا ئەوانەی کە هۆگرن پێوەی ڕێژەیان زۆرە، ئەو کورانەی ئۆتۆمبێلیان هەیە چانسیان زۆرترە، چونکە زۆرێك لە کچان ئەو کورانەیان ئەوێت کە ئۆتۆمبێلیان هەیە. لەکۆمەڵە داخراوەکاندا ئینسانی شۆفێر جیاوازیەکی هەیە لە گەڵ پیادەیەك ، کەجۆرێك لەویقار یا کەسایەتی تایبەتی وەرئەگرێت بەهۆی ئۆتۆمبێلەکەیەوە، بەلاَم دوور لەهەموو ئەم باسانە با بەجۆرێکی جیاواز تر لە ئۆتۆمبێل و شۆفێر بڕوانین.

لە لێخوڕیندا مرۆڤ کائینێکی بەئیلتزامە، کە نابێت لەو هێماو یاساو ڕێسایانەی کە بۆی دیاری کراوە لا بدات. هەمیشە مرۆڤی شۆفێر فاسیلەیەکی زیهنی دروست ئەکات لەنێوان خۆی و پیادەیەك. زۆرشت هەن کە شۆفێرێك ناتوانێت وەك پیادەیەك ئەزمونیان بکات، وەك بیرکردنە و جموجۆڵ و خواردن وخواردنەوە، کە ئەمانە هەمویان بەجۆرێکی تر ئەزمون ئەکرێن، لەرووبەرێکی تەسك و بنمیچێکی نزمدا. مرۆڤ کە لەپشتی سوکانەوەدانیشت، ئیدی ئەو مرۆڤە نیە کە پێش چەند ساتێك هەبوو. لەشۆفێریدا مرۆڤە کان هەموو لە یەك دەچن، واتا ئۆتومبێل ناسنامەی راستەقینەمان لێ ئەسەنێتەوە. هەموومان وەك لێخور ئەناسێنێ. ماشێن دەبێت بەو ئامێرەی کە هەمومان لە ڕەنگی خۆی هەڵدەکێشێت، تاکە شوناسێك بەسەر هەموماندا ئەبەشێتەوە. (لە لێخوریندا بەدەگمەن نەبێت دەنا ناتوانین لاف بەپلەو پایەو کەسایەتی خۆمانەوە لێبدەین. ئەوەی لە شۆفێریدا ناتوانین پێوەی بنازین ناسنامەی راستەقینەی خۆمانە)، هەموومان دەبێ پابەند بین بەبڕیارەکانی مەکینە، تۆ هەر چەند فەرمان بەسەر ئامێرەکەتەوە بکەیت بۆئەوەی بەزووترین کات بتگەیەنێتە شوێنی مەبەست، دواجار ئەویش کۆمەڵێك فەرمانی هەیە کە ئەبێ بۆی جێ بەجێبکەیت. تەکنەلۆژی داخوازی لەمرۆڤ زۆرە، من زۆر جار چەندین خاڵی هاوبەش لەنێوان ئامێرەکان وپیشە مرۆییەکان ئەدۆزمەوە، بۆنموونە: ئۆتۆمبێل و سەرتاش(حلاق) بەڕادەیەکی پێکەنیناوی لەیەك ئەچن، لەگەڵ هەردوو کیاندا دەبێ پابەند بین بە ئەرك و فرمانەکانیان و جێ بەجێ کردنی داواکارییەکانیان. دەلاك بۆئەوەی پشتی سەرمان بتراشێ داوامان لێئەکا کە سەر مان بەرەو خوارەوە شۆڕ بکەینەوە ! (زۆرێك لە سەرتاشە دەمەوەرەکان شانازی بەفەرمانەکانی خۆیانەوە ئەکەن، کە ئەتوانن فەرمان بەسەر گەورەترین کەسیشەوە بکەن) لە لێخورینیشدا ئەگەر زیاد پێمان نا بە بەنزیندا مەکینە داوامان لێئەکا کە دەبێ کلاچ بکەین و گێر بگۆڕین، دەنا ناتوانین وەك پێویست کارەکانمان ئەنجام بدەین. یا لەکاتی باران بارین دا دەبێ

فلْچەکە هەلْکەین دەنا ناتوانین بەردەمی خۆمان بەباشی ببینین. زۆر جار من ئۆتۆمبێل و زۆرێك لە ئامێرە تەکنەلۆژیەکان وەك خومخانەیەك ئەبینم کە تاکە رەنگێك بەسەر هەموماندا ئەبەشێتەوە. زۆربەی ئامێرە تەکنەلۆژیەکان لەو خالەدا هاو بەشن، بە شێوە یەك لە شێوەکان ئەتوانن جۆرێکیتر لەروانین، بۆ دەورو بەر دروست بکەن.( لە ئینتەرنێتدا هیچ پایەیەکی کۆمەلاّیەتی ئەو رۆلە نابینێت کە ئێمە لەناو جیهانی کۆمەلگادا بەدی دەکەین. واتە لەجیهانی ئینتەرنێتدا نە پایەیەی کۆمەلاّیەتی، نە پایەیەی ئابووری و سیاسی و گروپی نەتەوەیی رۆل نابینێت)١. مرۆڤ لەناو ئۆتومبێلدا شوناسێکی ونی هەیە، ئەو چیتر خۆی نیە، ئێمە هەر چەند حەز بکەین وەك خۆمان مامەلەمان لە گەل بکرێت، وەك شوناسی راستەقینەی خۆمان کە لەدەرەوە هەمانە، دواجار هەر ئەو یاسایە ئەمانگرێتەوە کە بۆ هەر شۆفێرێکی تر دانراوە (هەلبەتە ئاگادارم ئەم مۆدێلە لە ولاّتی مندا باش پەیرەو ناکرێت) پۆلیسی هاتوچۆ، ئاسایش، بەو شێوەیە لێمان دێنە پێشەوە کە لەهەر شۆفێرێکی تر نزیك ئەبنەوە. ماوەك بەر لە ئێستا ئەسێرەی سینەما (میل گیپسۆن) لەکاتی خواردنەوەی مەیدا ئۆتۆمبێلی لێئەخوری، پۆلیسی هاتوچۆ هەمان ئەو سزایەی دا کە بەسەر شوفێرەکانی تریشدا جێبەجێی کردبوو. واتا لە کاتی لێخوریند، بەرگدرو، گۆشت فرۆش، وەزیرو مامۆستاو هونەرمەندێك وەك یەکن، ئەوان چیتر خاوەنی ناسنامەی راستەقینەی خۆیان نین. ئەو فرۆکەیەی کە خۆی کێشا بە ئۆتۆمبێلەکەی(هیفا وهبی)دا، لەو کاتەدا هەر کەسێکی تر لەناوئۆتومبیلەکە بوایە هەمان روداوی لێ روئەدا. فرۆکەوانەکە نەیئەزانی ئەو یەکێکە لە هەنەرمەندە ناودارەکانی عەرەب، بەلاّم ئاگاداریش بوایە سودێکی ئەوتۆی نەبوو.

لەبەر بچوکی قەبارەوجولەی سنورداروِ دیسپلینکردنی شۆفێر لەلایەن ئۆتۆمبیلەوە، هەمومان وەك یەك روو بەرووی قەدەرەکان ئەبینەوە (بەچاو پۆشین لە کۆنی وتازەیی ئۆتۆمبێل) چونکە ئۆتۆمبێلێکی تازە کەمتر گومانی خراپ بوونی لەناکاوو لەکار کەوتنی مەکینەو هاتنە دەرەوەی تایەو ئەمشتانەی لێئەکرێت. لەگەل ئەوەشدا خێراییان برێك لەو پێدراوو متمانەیان لێئەسەنێتەوە.

لە هەرشوێنێکدا ئۆتۆمبێل هەبوو، مەرگێکی ون هەیە، شۆفێری جەنگە، لەگەل ئەوکەسانەی دوژمنی تۆنین! قوربانیانی روداوەکانی ئۆتۆمبێل هیچیان لە جەنگە گەورەکان کەمتر نیە.

لەکاتی وەرگەران و روداوی ئۆتۆمبێلدا، کەمتر کارامەیی وشارەزایی رۆل ئەبینێ. ئەمە میکانیزمەکانی لێخورینە ئەو جۆرە بیر کردنەوەیەمان بەسەردا ئەسەپێنێ، کە دەبێ ئەنجامی بدەین. واتە لەچرکەی روداوی رِوداوەکەدا نازانین وەکو خۆمان بین یا وەکو ئامێرە تەکنەلۆژیەکە، بریارەکانی عەقل جێ بەجێبکەین، یا بکەوینە دوای ئارەزووی ئامێرێکی تەکنەلۆژی بێویژدان. شۆفێر لەکاتی لێخوریندا تەواو کۆنترۆلکراوە، نەوەك ئەو ئۆتۆمبێلەکەی کۆنترۆلکردبێ. (تەکنەلۆژی بێلایەن نیە. ناکرێ متمانەی تەواوی پێبکەین..تەکنەلۆژی چەندە کۆنترۆل بکرێ، ئەوەندەش کۆنترۆلمان ئەکات..چەندە دەستی بەسەردا بگرین، ئەوەندەش لێمان یاخی دەبێت ودەستمان بەسەر دا دەگرێ)٢. واتە ئێمە ناتوانین شۆفێر بین و بیر لەمەرگیش نەکەینەوە، کە ئەشێ لە پەنا بەردێکدا، لەسەر جادەیەکی قیردا، لە لایت ودەعامی پێشەوەی لۆریەکی بەرامبەرماندا بەئارامی دانیشتبێ.

لەبەر رۆشنایی ئەم قسانەدا، ئەتوانین بلێین مەرگی ناو ئۆتۆمبێل هەمومان وەك یەك سەیر ئەکات، ئۆتۆمبێل شەرم و شکۆی نیە، ویژدان وبیر کردنەوەی نیە. تەکنەلۆژی دیالۆکی لەگەلدا ناکرێت ، تا پێی بلێیت من خاوەنی کەسایەتیەکی تایبەتم، یا عاشقم، ئیدی سۆزی بجولێ ومیهرەبانانە هەلسوکەوتمان لە گەلدا بکات و دوورمان بخاتەوە لەکارەساتەکان.

دواجار ئۆتۆمبێل ئامێری یەکرەنگکرنی مرۆڤە و کارگەی سرینەوەی شوناسی راستەقینەی ئینسانەکانە. هەموو هەولدانێکیش بۆ خۆ جیاکردنەوە و دروست کردنی ناسنامەی تایبەت کارێکی بێ هودەیە.

تۆ! ئەگەر ئەتەوێت وەك خۆت بناسرێیت و وەك خۆت مامەلەت لە گەلدا بکرێت لە ئۆتۆمبێلەکەت دابەزە!


سەرچاوەکان:

١- ئاراس فەتاح، ئینتەر نێت و گۆرانی کۆمەلگا، رەهەند، ژمارە١٤-١٥

٢- رێبوار سیوەیلی، مرۆڤ وەك شۆفێر... هاولاّتی، ژمارە ٣٢٠